کۆمسیۆن ئاماری کۆتایی دەنگدەرانی هەڵبژاردنی گشتی ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ دووشەممە، کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، ڕایگەیاند کە ژمارەی دەنگدەران لە دەنگدانی گشتیدا زیاتر لە 20 ملیۆن هاوڵاتییە.

جومانە غەلای، وتەبێژی کۆمسیۆن، بەپێی ئاژانسی هەواڵی فەرمی کۆموتەع بەدواداچوونی بە کردووە وتی: "دەنگدانی گشتی بۆ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق، سبەینێ سێشەممە 11/11/2025، کاتژمێر حەوتی بەیانی دەستپێدەکات".

ئاماژەی بەوەشکرد: "ژمارەی دەنگدەرانی دەنگدانی گشتی دەگاتە 20,063,773 کەس، لە کاتێکدا ژمارەی بنکەکانی دەنگدان بە دەنگدانی گشتی 8,703 بنکەیە، هەروەها ژمارەی وەستگەکانی دەنگدانی گشتیش گەیشتووەتە 39,285 وەستگە".